www.helwist.com



# شوێنەوارەکانی ڕەبەت، گۆڕینی هێندێک مێژوو...

شێرکۆ جیهانی/ چالاکی مافی مرۆڤ
baranishew@gmail.com



شارۆچکەی ڕەبەت لە نێوان مەهاباد- سەردەشت و لە 10 کیلۆمیتری شاری سەردەشت هەڵکوتووە. لە ناو ئەو شارە دا چەند قەڵایەک هەن کە ماوەی چەند ساڵێکە ئاسەواری مێژوویی ئێجگار گەورە و سەیر و سەمەرە دۆزراوەتەوە کە بووتە هۆی هێندێک گۆڕانکاری لە مێژووی هەرێمەکە دا... تەپەکانی مێژوویی ناو شارۆچکەی " ڕەبەت " یەکێکن لە کۆنترین قەڵاکان و شارەکانی جیهان. دەگووترێ کە ئەو دەوڵەت -شارە سەرەتا بە دەوڵەت - شاری " ئاڕدینی " واتا وڵاتی ( ڕۆژ (ناسراوە.

هەروەها ژوومارەیەک کەسیش لایان وایە کە شاری مووساسیر لە سەر ئەو قەڵایانە بووە. واتا بەم پێیە ئەگەر ئەو بیر و رایە ڕاست بێت، دەبێ بڵێین کە دوای ئەوەی کە ئاشووریەکان وڵاتی " میدیا" داگیر دەکەن، شاری " مووساسیر " یان لە سەر ئەو شارە دێرینە کە پێشتر شارێکی ماننایی و ئورارتۆیی بووە، ( بۆ کۆنترۆڵ کردنی میدیایەکان ) دامەزراندووە.



ئەوەی کە زاندراوە و جێگەی باسە ئەوەیە کە ئەو شار- قەڵایانەی ڕەبەت ئاسەواری مێژوویی زۆر کۆنی شارستانیەتەکانی جۆر بە جۆری لێ دۆزراوەتەوە و لە نێو ئەمانەش دا شارستانیەتە کۆنەکانی " ماننا - ئورارتۆ و ئاشوور " بەرچاوترین. بە تایبەت ئەوەی کە دەزاندرێ پادشاکانی ئاشوور بە ڕدێن و پادشاکانی ئورارتۆ بە بێ ڕدێن نەقش و نیگاریانکێشراوەتەوە و هەر دوو شێوازەکەش لە نیگارەکانی دۆزراوەی ناو قەڵاکان دا دەبینین .هەروەها خەتی ئورراتۆیی و ... هتد

وێنەی پادشایەکی ئوراڕتۆ کە لە ناو قەڵاکانی ڕەبەت دا دۆزراوەتەوە.

لە هەمان کات دا ئاسەواری " ئەسپی باڵدار " و بە گشتی سیماکانی تێکەڵاو لە شکڵەکانی " مرۆڤ - ئاژەڵی - باڵدار " کە لە شارۆچکەی ڕەبەت دۆزرانەتەوە و لە سەر خشتی ڕەنگکراو ( لعابدار ) کێشراونەتەوە، لە شکڵی سەر خشتەکانی ڕەنگکراوی شاری مێژووی " ئیزیرتوو" لە نیزیک شاری بۆکان لە ناوچەی " قەڵای چی " کە بەرهەمی " ماننا " کان بوون، ئێجگارنیزیکە و ئەو نیزیکایەتیەش ناکرێ بێ هۆ بوو بێت .



وێنەیەکی مێتۆلۆژیک لە ڕەبەت کە لە گەڵ وێنەی خواژنێکی ئەسپ-باڵداری شارستانیەتی ئیزیرتوو زۆر لە یەک دەچن

شایانی باسە کە ڕۆژ بە ڕۆژ جەغزی هەرێمی شارستانیەکانی ناوخۆ و دەور و بەری شاری ڕەبەت زۆرتر بەرفراوان دەبێت و شوێنەواری زۆرتر دەدۆزرێتەوە، بە جۆرێک کە سەرەتا لایان وا بوو کە قەڵاکان تەنیا 3 قەڵان و ئێستا تا 6 قەڵا وەک ئاسەواری شاری ڕەبەت سەپت کراون و دەگووترێ کە جەغزی ئەو شارستانیەیانە و ئاسەوارەکەیان لە ڕەبەت و لە قەراغ چۆم زاپی بچووک ئێجگار زۆرتر لەمانەیە.

تا ئێستا زۆرتر کار لە سەر قەڵای ژوومارە دوو کراوە و بە داخەوە لەوێش دا کە مافوورەبەرد ( سنگ فرش ) و زۆر ئاسەواری دیکە و نماد و کەتیبە و ...هتد دۆزراونەتەوە، زۆر بە هێمنی کار دەکرێت و تەنانەت زۆر ئاسەواریش دزراون کە لە دوگووترێ لە مووزەخانەکانی " هۆنگ کۆنگ " و " بریتانیا " دیتراون.واتا بەشێکی زۆر لە شار و شارستانیەتەکان هێشتا لە ژێر گڵ دا ماون و زۆر شتی دیکە هەن بۆ دۆزینەوە کە بە داخەوە بە شێوەیەکی جددی بە مەبەستی ڕزگار کردنیان لە تاڵان و دۆزینەوەیان کار ناکرێت.بەڵام ئەوەی کە من لێرە دا دەمهەوێ باسی بکەم چەند خاڵی ئێجگار گرینگن کە هێندێک مێژوو دەگۆڕێت . 1:ئاسەوار و قەڵاکانی ڕەبەت جێگەی کۆنترین مافوورە بەرد ( سنگ فرش ) ن لە جیهان دا. واتا لە هیچ شوێنێکی جیهان دا کەس بەردە مافوورەی کۆنتر لە بەردەمافوورەی قەڵای ژوومارە 2 ی ڕەبەتی نەدۆزیوەتەوە تا ئێستا.ئەو بەردەمافوورانە کە هەزاران ساڵیان تەمەنە وا پێ دەچێت کە بە هۆکاری ئایینی بە کارهێندرا بێن و پەیوەندیان بە شکڵی ڕۆژ و گەردوون و کاکیشانەکان هەبێت .



وێنەیەک لە بەردەمافوورەکانی قەڵای ژوومارە دوو

قەڵاکانی ڕەبەت لە ناو حەساری چیاکانی بەرز و بڵیندی سەردەشت و لە ناخی پێدەشتەکانی بەرین دا هەڵکەوتوون، بە جۆرێک کە چیا بەرز و بڵیندەکانی سارد و بەفرگری سەردەشت قەک حەسارێک دەبنە هۆی ئەوەی کە بەفر کەمتر قەڵاکان بگرێت و لە هەمانکات دا بە هۆی بەرین بوونی دەشتەکان ئاسمان لە هەر چوار لاوە بە باشی دیارە و بەرز بوونی تەپکەکان و لە هەمانکات دا زاڵ بوون بە سەر هەرێمەکە و دیار بوونی ئەستێرەکان لە هەرلایەکەوە، خۆی لە خۆی دا نیشانەیەکە لەوەی کە بۆی هەیە ئەو شوێنە وەک شوێنێک بۆ ئەستێرەناسی بە کار هێندرا بێت.

لە هەمانکات دا شکڵ و فۆڕمی بەردەمافوورەکانیش نیشانەی کەیهانیان پێوە دیارە و نمادێکن لە کاکیشانەکان و ئاسمان... واتا بەم پێیە و بە ڕوانینی هەژمارێک لە ئاسەوارناسان ( باستان شناسان ) ئیمکانی ئەوەی کە لە قەڵاکانی ڕەبەت کاری ئەستێرەناسی و ڕەسەد کرابێت ئێجگار زۆرە و ئەگەر ئەو یەکە ڕاست بێت دەتوانین بڵێین کە " قەڵاکانی ڕەبەت " کۆنترین شوێنی ئەستێرە ناسی ( رصد خانە ) لە جیهان دان.نابێ ئەوەش لە بیر بکەین کە ئاشووریەکان دەستی باڵایان هەبووە لە ئەستێرە ناسین دا.



.3وەک دەزانین کە نووسین و خەت لە ناو شارستانیەتی سوومێر دا دەستی پێکردووە و سوومێرەکان بە دانەری خەتی بزماری ناسراون، بەڵام لە ماوەی ڕابرِدوو دا چوار لەوحە لە قەڵاکانی ڕەبەت دۆزراوەتە کە بە خەتی بزماری نووسراون و پێشینەیان بۆ زیادتر لە 5500 ساڵ لەمەو پێش دەگەڕێتەوە و دەگووترێ کە ئەمانە لە ئاسەواری ئورارتۆیەکانن ( ئەژدادی هاوبەشی کوردان و ئەرمەنیەکان. ( بەم پێیە مێژووی خەت لە هەرێمی کوردستان شان لە شانی سوومێرەکان دەدات ( شایەدیش لە پێشترە ) و ئەمەش نیشان دەدات کە مێژووی ئەدەبیات لە ناوچەی ئێمە دا ئێجگار کۆنترە لەوەی کە بیری لێ دەکرایەوە و لە ناو قەڵاکانی ڕەبەت دا یەکێک لە کۆنترین ئاسەوارەکانی ئەدەبیات وەدی هاتووە.

وێنەیەک لە بەردەمافوورەکان بە حاڵەتێکی جیاواز

بە گشتی زۆر شتی گەورە و جێگەی بایەخی دیکەش لەو قەڵایانە دا هەن کە بە داخەوە بە باشی کاریان لە سەر ناکرێت و بەشێکی زۆریش قووربانی بازرگانانی ئاسەوارە مێژووییەکان بوون.

لێرە دا ئێمە لە گەڵ یەکێک لە کۆنترین شارستانیەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوین و جیهان دا ڕو بە ڕووین کە بەشێکی زۆری لێ تاڵان کراوە و بەشێکیشی لە ناو براوە و بەشێکی زۆریشی هێشتا نەدۆزراوەتەوە و دەبێ کاری بۆ بکردرێت. لانی کەم با بێین هەوڵ بدەین ئەوەندەی کە دۆزراوەتەوە بناسین و کاریان لە سەر بکەین و ئەوەندەش کە هێشتا نەدۆزراوەتەوە، لە تاڵان بوون و لە ناو چوون ڕزگار بکەین. بۆ ئەوەش پێویستە کە لە ناو خوودی شاری ڕەبەت یان سەردەشت دا ناوەندێک بۆ ئەو کارە لە لایەن کەسانی شارەزا و دڵسۆز ساز بکرێت و هەروەها کۆمیتە و شوورایەکی تایبەت بۆ پاراستنی ئەو ناوچە گرینگە مێژووییەمان پێک بهێندرێت. کەچی بەداخەوە تا ئێستا لەم بوارە دا کاری جددی نەکراوە و هێشتا گرینی ئەو ئاسەوارە بە باشی لە لایەن خەڵکی هەرێمەکەش دەرکی پێ نەکراوە .قەڵاکانی ڕەبەت چەند قەڵایەکی سادە و ساکار نین ... ئەوان ئەوندە گەورەن کە مێژووناسان و ئاسەوار ناسان ئەگەر بیناسن لە هەمبەر گەورەیی خۆیان دا بە چۆک دا دەهێنن، چ بگات بە خەڵکی ئاسایی ... پێویستە دەست لە بچووک بوون و سەرداخستن و چاوبەستن هەڵگرین و خۆمان لە هەمبەر ئەو ئاسەوارانە دا بە خاوەن ئەرک بزانین و تێبگەین کە " : بە ناسین و پاراستنی ئەو شوێنەوارە گەورەیە، ئێمەش دەتوانین هەست بە گەورە بوون بکەین، ئەگینا" .

## بەشی دووەم:

## شارۆچکەی ڕەبەت، شاری ونبووی مێژوویی " مووساسیر"ە یان ...؟!

یەکێک لە کۆنترین شارەکانی جیهان شاری بەناو بانگی مووساسیرە. مووساسیر لە زۆر کەتیبەی ئاشووریەکان دا باسی کراوە و وەک یەکێک لە کۆنترین شارەکانی هەرێمی ڕۆژهەڵاتی ناوین ناسراوە. دیاکۆنۆف لە کتێبی" مێژووی میدیا" باس لەوە دەکات کە ئەم شارە بە پێی بەڵگەکانی ئاشووری لە لایەن ئاشوورەکانەوە بە مەبەستی چاوەدێری و سەرکووت کردنی شۆڕشی میدیایەکان لە ناو وڵاتی میدیا و لە نیزیک چۆمی " زاپ" ساز کراوە.

له ڕاستی دا ئامانجی سەرەکی ئاشووریەکان وەک گەورەترین ئیمپڕاتۆریای سەردەمی خۆیان و وەک یەکەمین هێزی داگیرکەری مەزن لە جیهان دا ئەوە بوو کە بتوانن هێزەکانی سەربازی خۆیان لەم شارە بۆ سەرکەوت کردنی شۆڕشی میدیایەکان حەشار بدەن و لە کاتی پێویست دا بە کاریان بهێنن.



شیمانە دەکرێ کە شاری مووساسیر پێشتر شارێکی دیکە بووە کە دوای داگیرکرانی لە لایەن ئاشووریەکانەوە، سەر لە نوێ ساز کراوەتەوە و کراوە بە شارێکی نیزامی و ئایینی .بەڵگەنامەکانی ئاشووری باس لەوە دەکەن کە لە تەواوی سەردەمەکانی دەسهەڵاتداری ئاشووریەکان بە سەر ڕۆژهەڵاتی ناوین و کوردستان دا ( وڵاتی میدیا)، تەنانەت لە سەردەمی " ساڕاگۆن " و " نەبوکەد نەسەر " و ...هتد، کاتێک کە ئاشووریەکان هاتوونە وڵاتی میدیایەکان و شەڕیان کردووە، ئەو میدیاییانەی کە بە دیل گیراون ڕاستی زۆر ئەشکەنجەی گران هاتوون و تەنانەت بە دەست و لاق بڕین و سەر پەڕین وڵامی ئەوەیان دراوەتەوە کە سەرهەڵدانیان کردووە و ئامادە نەبوون کە سەریان لە هەمبەر ئیمپڕاتۆریای ئەوان دانەوێنن.لە ڕاستی دا زۆر وێنە و دیمەن و کەتیبە ڕاستی ئەو شکەنجانە نیشان دەدەن.بۆ وێنە دەکرێ نموونەی هەر ئەو وێنانە لە کتێبی " مێژووی میدیا " ( تاریخ ماد) ببینین.

ئاشووریەکان کاتێک هاتوونە کوردستان بە هۆی دەسهەڵات و زۆرداریەوە گەلێک جاران میدیایەکانیان ناچار کردووە کە باج و خەراجیان بدەنێ و لەم نێوە دا بە تایبەت زێڕ و زیو و ئاسن و کەرەسەی فلزی و هەروەها ئەسپ و مریشک و ... زۆر شتی دیکەیان بە تاڵان بردووە و لە لایەن ئەو کوردانەی کە دەشت نشین بوون و شەڕی ئاشووریەکانیان پێ نەدەکرا، یانیش چیایی بوون و شکەستیان دەهێنا، پێشکەش بە ئەوان دەکرا.

لێرە دا بوو کە ئاشووریەکان کە تا ئەو کاتە ئەسپیان نەدیت بوو، لە وڵاتی میدیا " ئەسپ" یان بینی و لە بەر ئەوەی کە ئاشووریەکان تەنیا " کەر" یان هەبووە، بە ئەسپی میدیایەکانیشیان گوتووە" کەری مادی" ! وشەی " مایین " لە بواری تێرمینۆلۆژی لە گەڵ " میدیا" و " ماد " زۆر لە یەک نیزیکن. هەروەها مریشکیان بە مریشکی مادی ناو بردووە کە ئێستاکەش لە کوردستان بە ڕەگەزێکی مریشک " مریشکی کوردی " دەگووترێ.

لە کەتیبە و نووسراوەکانی ئاشووری دا زۆر جار باس لەوە کراوە کە میدیایەکان ئەگەر چی هەموو کاتێک ناچار کراون کە باج و خەراج و ئەسپ و ماڵ و زێڕ بدەن بە ئاشووریە داگیرکەرەکان، بەڵام لە گەڵ ئەوەش دا هەمیشە ڕووحی ئازادی خوازیان هەبووە و لە هەمبەر زۆرداری و شکەنجەی ئەوان سەریان هەڵداوە و کاتێک ئاشووریەکان بۆ وڵاتی خۆیان گەڕاونەتەوە، جارێکی دیکە ئەوان سەریان هەڵداوە.بەم جۆرە بوو کە ئاشووریەکان لە سەرهەڵدانی بەردەوامی میدیایەکان دەترسان و هەوڵیان دەدا کە بە جۆرێک دەسهەڵاتداری خۆیان بە سەر وڵاتی میدیا هەمیشەیی بکەن.



لێکۆڵینەوە لە ناو قەڵاکان

لە ڕاستی دا میدیا سەرچاوە و کانزای مادەکانی ئەوان بوو. چیاکانی ئەم وڵاتە کانزای ماتریالەکانیان بووە و زەوی و زار و باغ و ڕەز و کشت و کاڵەکەشی لە لایەکی دیکە بووەتە هۆی تەماحکاری دراوسێی بەهێزی ئاشوور. کوردستان لە

لایەن ئاشووریەکان وەک سەرزەوی مەداییین، واتا شارستانی ( لە زمانی سامی دا مەدینە بە واتای شارە ) و هەروەها ماداییین ) کە چەمکی مەعادین واتا کانزاکان لە خۆ دەگرێت ) ناسراوە.

ئاشووریەکان بیریان لەوە کردەوە کە شارێکی چەکداری لە ناو وڵاتی میدیا دا ساز بکەن و هەر کاتێک کە سەرهەڵدانێک ڕوو بدات ئەوا بە پەلە بگەنە سەری و سەرکووتی بکەن. بەم شێوەیە ناچار نەبوون کە ئیتر هەموو جارێ سەربازانی ئاشوور لە وڵاتی ئاشوورەوە لەشکەر کێشی بکەن و کارەکەیان بۆ ئاسانتر دەبوویەوە.

دەگووترێ کە شاری مووساسیر بۆ ئەو مەبەستە لە لایەن ئاشوورەکانەوە ساز کراوە. هەروەها دەگووترێ کە لەم شارەوە بۆ یەکەمین جارەکان لە جیهان دا سیستەمی جاسووسی پێک هاتووە و جاسووس و سیخوورەکانی ئاشووری بە وڵاتی میدیا دا بڵاو بوونەتەوە تا دەنگ و باسی سەرهەڵدان یان سەرنەوی بوونی میدیایەکان بە ئاشووریەکان ڕابگەیەنن.وەک باس کرا شاری مووساسیر لە زۆر نووسراوەی ئاشووری دا باسی لێ کراوە و لە بەر ئەوەی کە ئەو شارە وەک شارێک لە نیزیک چۆمی " زاپ " ناو لێ هاتبوو، هەموو مێژوونووسان و لێکۆڵەرەوەکان لە نیزیک چۆمی " زاپ" ی گەورە لێی دەگەڕان!

بەڵام ئێستا ئەگەر شاری مووساسیر هەمان قەڵاکانی شارۆچکەی ڕەبەت لە نیزیک سەردەشتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بن، ئەوا ئاشکرا دەبێت کە کەتیبەکانی ئاشووری باسیان لە هەبوونی شاری مووساسیر لە نیزیک چۆمی زاپی بچووک ) کە لە نیزیکی شاری ڕەبەت و سەردەشتە) کردووە، نە وەک زاپی مەزن کە لە باشووری مەزن دایە. چوونکە لە کوردستان دا دوو چۆمی زاپ هەیە: زاپی گەورە و زاپی بچووک .





دیمەنی قەڵاکانی ڕەبەت

## ئایا قەڵاکانی ڕەبەت، هەمان شوێنی مووساسیرە؟

شاری مووساسیر بە هەزاران ساڵ ون بوو، ئێستاش دۆزینەوەی لە سەردەمی نوێ دا کارێکی گرانە.بەڵام ماوەی چەند ساڵێکە کە لە ناو شاری ڕەبەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نیزیک سەردەشت، شارێکی مێژووی دۆزراوەتەوە کە ژمارەیەک لە کارناسانی بواری ئاسەوارەکانی دیرۆکی باس لەوە دەکەن کە ئەوە هەمان شاری مووساسیرە!ئەو شارە لە سەر چەندین قەڵای نیزیک لە یەکتر دامەزراوە. بابەتەکە لەو چەند ساڵ لەمەو پێشەوە دەستی پێ کرد کە جووتیارێکی هەرێمەکە خەریکی کاری کشت و کاڵ دەبێت و لە نیزیک یەکێک لەم تەپپانە لە ناکاو هێندێک ئاسەوار دەبینێتەوە و هێزەکانی ڕەژیم دەیگرن .بەم جۆرە دوای بە تاڵان بردنی هێندێک ئاسەوار لە لایەن ڕەژیمەوە، کارناسان دێن و وەک شوێنێکی دیرۆکی نێوی دەبەن و دواتر باس لەوە دەکەن کە بۆی هەیە ئەوە هەمان شاری مووساسیر بێت.



وێنەی پادشایەکی ئۆرارتۆیی

ئەگەر چی ژوومارەیەکیش لە کارناسان لایان وایە کە ئەم شارە کۆنترە لە مووساسیر و پشتر شارێکی "هورارتۆیی" و " ماننایی" بووە.وەک دەزانین کە هوورارتۆییەکانیش وەک مانناییەکان لە ئەژدادی میدیاییەکانن .وشەی هوور بە مانای بەرزاییە و " هوریەکان" و هەروەها " هورارتوویەکان" یەکێک لە ئەژدادی کوردەکان بوون .تەنانەت ناوی " ئارارات " وەک چیایەکی بەرز لە " هورارات" واتا شوێنی ئێجگار بەرز هاتوە. تەنانەت وشەی " هەور " و هەروەها " هۆر " کە دواتر بووەتە " خۆر " ( بە مانای ڕۆژ) لە بواری تێرمینۆلۆژیک یەک دەگرنەوە و هەور و ڕۆژیش لە جێگەیەکی بەرز دان.



وێنەیەک لە قوولکەکانی تالانکەران لە سەر قەلاکانی ڕەبەت

ئەو کارناسانە دەلێن کە ئەو شارە پێشتر بە دەست هورارتۆیی و مانناکان ساز کراوە و دەست بە دەست کراوە و دواتر گەیشتووەتە دەست ئاشووریەکان. بەلام هەموویان لە سەر ئەوە ساغ نەبوونەتەوە کە ئەو شارە هەمان مووساسیرە یان نا؟! ئەگەر چی زۆربەی کارناسان تا ئێستا لایان وایە کە ڕەبەت هەمان مووساسیرە.

## دزینی ئەو ئاسەوارانە لە لایەن ڕەژیمەوە:

وەک دەزاندرێت کە ڕەژیمی ئێران بە تایبەتی لە ڕێگەی مافیای کوڕی ڕەفسەنجانی " یاسر ڕەفسەنجانی " و مافیاکانی هەرێمی بە سالانە خەریکی تالان کردنی ئاسەوارەکانی هەرێمی کوردستانە. بۆ وێنە یەکێک لەو کەسانەی کە لە ئاستی هەرێمی لە شاری مەهاباد و ناوچە وەک مافیا هاوکاری ناوبراو دەکات و بە کاری دزینی ئاسەوارەکان خەریکە کەسێکە بە ناوی " لووقمان سێراجی! "لە هەمان کات دا بەرپرسانی ڕەژیمیش لە ناوچەی سەردەشت و شارۆچکەی ڕەبەت، بۆ وێنە فەرماندای ڕەبەت و سەردەشت دەستیان هەیە لەو دزینە دا.

بەهاری سالی 2008 کەسێک لە خەلکی سەردەشت کە بە هۆکاری ئاسایشی نەیویست ناوەکەی ئاشکرا بکرێت گووتی:جارێک کامیۆنێک لە باری ئاسەوارەکانی دزراوی قەلاکانی ڕەبەت لە نیزیک شاری هەمەدان ( لە کاتێک دا کە بۆ شوێنێکی نادیار دەبردران (لە لایەن هێزەکانی دەولەتی دەگیردرێت. ئێمە ئاگادار بووین کە فەرماندای سەردەشت بە پەلە فاکسێکی بۆ هێزەکانی ئینتیزامی هەمەدان نارد و گووتبووی کە ئەوە بۆ لێکۆلینەوە دەچێتە تاران و نامە و ئیزنی پێ دراوە. بەلام کاتێک کە چەند ڕۆژ دواتر تەلەفۆنی تارانمان کرد و لە گەل ئیدارەی " میراث فرهنگ " و باستانشناسەکان قسەمان کرد، ئەوان گووتیان کە هیچ جۆرە ئاسەوارێکیان بە دەست نەگەیشتووە!!! کەسیش نەیوێرا دەنگی لێوە بێت ! لە هەمان کات دا باستانشناس و کارناسەکانیش سالی یەک – دوو مانگ بە بەهانەی لێکۆلینەوە دێنە ڕەبەت و پارەیەک باش بەم بەهانەیە دەخۆن و لە مانگەکانی دیکەش دا مافیاکان بە نهێنی خەریکی لێکۆلینەوە و پشکنین و بە تالان بردنی ئاسەوارەکانی ناو قەلان کە وەک کانیاوێکی بێ کۆتایی هەر ڕۆژە و شتێکی تازەی لێ هەلدەقوولێت و پەیدا دەبێت.



لە کۆتایی سالی 2008ش دیسان دزین و تالان درێژەی هەبووە و پەیکەرەیەکی نوێ و هەروەها 10 کەتیبە بە خەتی بزماری لە لایەن ئەم مافیا و بەرپرسانەوە لەم ڕۆژانە دا بە تالان

چووه.دەگووترێ کە ئەم دە کەتیبە بزماریە، نووسخەیەکی نوێی کەتیبەی " گیلگەمێش " ە و وەک بەشێکی ون بوو لەو کەتیبەیە دەزاندرێ.

## ناوی 2 کەس لە بەرپرسانی مافیایی ئەو تالآنکاریانە:

سەرچاوەکانی جێگەی متمانە دوو کەس بە ناوەکانی.1: عەلی پەرتەویان ( فەرمانداری سەردەشت ) .2 لووقمان موورتەزا نەژاد ( شارەداری ڕەبەت) وەک و تالآنکەرانی سەرەکی ئەو شوێنەوارە مێژووییانە دەناسێنن کە دەستیان لە گەڵ مافیای " یاسر ڕەفسەنجانی" کوڕی " هاشمی ڕەفسەنجانی" هەیە.عەلی پەرتەویان خەڵکی شاری بانەیە و ماوەیەکیش خۆی بۆ پۆستی نوێنەرایەتی خەڵکی ئەو شارە کاندید کردووە و بە هۆی خزمەت لە بەرگی پاسداری و جاشایەتی ئێستا پلەی فەرمانداری شاری



سەردەشتی پێ دراوە.لە هەمان کات دا لووقمان مورتەزا نەژاد، خەڵکی شاری پیرانشارە و ئەویش بە هۆی هەمان خزمەتکاری جێگەی ئاماژە، ئەرکی شارەداریەتی شارۆچکەی ڕەبەتی پێ سپێردراوە.

دەگووترێ کە لە ماوەیەکی نیزیک دا بەرپرسانی ڕەژیم و باستانشناسەکان جارێکی دیکە و ئەمجارەیان بە شێوەیەکی فەرمی بۆ کاری پشکنین و لێکۆڵینەوە لە سەر قەڵاکانی ڕەبەت (شاری مووساسیر) دێنەوە ئەو شوێنە و باستانشناسی فارس بە ناوی ئاغای "کارگەر" ئەرکی ئەو پشکنینەی لە ئەستۆ دەبێت. بەڵام سەرچاوەکانی هەرێمی باس لەوە دەکەن کە بۆی هەیە خوودی " کارگەر"یش دەستی هەبێت لە گەڵ ئەو تالآنکاریانە و باندەکانی مافیایی .



ئەگەر چی نیزیک بوونەوە لەم شوێنە ئێستا تا ڕادەیەک بۆ خەڵکی ئاسایی قەدەغە کراوە، بەڵام لە گەڵ ئەوەش دا خەڵکی هەرێمەکە زۆر جار شاهیدی دزی ئەو ئاسەوارە لە لایەن مافیاکان و ڕەژیمەوە بوون و تا ئێستا لە ترسی گیانی خۆیان نەیانوێراوە دەنگ بکەن...
بە داخەوە هەتا ئێستاش ڕۆژانە تالآن بەردەوامە و ئەم ئاسەوارانە بە بێ بەرگری ماون و هیچ هێزێک نییە کە بیانپارێزێت...
ئایا تا کەی ئەو ڕەوشە دەوام دەکات ؟!

## چەند نموونەیەک لە ئاسەوارەکانی گەورەی قەڵاکانی ڕەبەت:

دیمەنی فەڕشی بەردین ،سنگ فرش(وێنەی ناوەڕاست) و هەروەها چەند دیمەنی مێتۆلۆژیک:











وێنەی ماسی





کۆگایەک لە ئاسەوارەکان

www.helwist.com